www.kurdistannet.org
19-2-2007 17:12 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەوەی عاشقی ڕێبازێک شەهید دەکات، سەدان عاشقی تر لە مێژووی دا عاشقێنی دەکات ... ساسان دەروێش

هۆڵەندا

یادێک بۆ ئەو هەڵۆ بەرزە فرەی کە بە خەبات کردن (40) ساڵ لە تەمەنی بە خشی بە کورد و کوردستان، کە ئەویش شەهیدی سەرکردە (فرەنسۆ هەریری) بوو، کە یەکێک بوو لە و مرۆڤانەی هەموو جواناوی خۆی ڕشت لە پێناوی کورد و کوردستانداو بۆ دواجار مەدالیای شەهید بوونی لە یەخداو چووە کاروانی سەروەرانی ڕێگای ئازادی کوردستانەوە.



لە دوای هێوربوونەوەی شەڕی کوردکوژی و ڕەوینەوەی هەوری ڕەشی ماڵ وێرانی کورد و گرتنە بەری دیالۆک وگفتوگۆی ئاشتیانەی سەر مێزی پارتە کوردیەکان و دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکانی دەستەڵات و تاک ڕەوی و ئینقلاب چی وگرفتەکانی دابەش کردنی دارای و هێوربوونەوەی دووپاریزگای ئازادکراوی ژێر دەستی پێشمەرگە و دابڕان لە یەک بە دەستی دەستەڵاتی کورد خۆی. لە دوای ئەوبارودۆخە کەمێک هەرێمی کوردستان وەک جاران جموجۆڵی بازرگانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ورۆشنبیری بە خۆیەوە بینیەوە لەیەک پارچەی هەرێمی کوردستان، ئا لەم هەل و مەرجە مێژوویەی گەلەکەمانی پیاتێ دەپەڕی زۆر ووتن نیە بڵێم گەورە و بچوکی ئەم نەتەوەیە چ لە دوور یا خود لە گۆڕەپان تامەزرۆی هەواڵی ئاشتی وگەڕانەوەی متمانە بوون بۆ پێکەوەژیان ویەک پارچەی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و پاراستنی دەسکەوتەکانمان و بڕوا بوون بە یاسا و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

دوژمنانی ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی چاویان بە و ئازادی و پێکەوە ژیانەی ئەو هەرێمە ئازادکراوە نەدەبینی کە لەبن ئەڵقە لەگوێ کانی خۆیان دەخوێند بۆ تێک دان و ئاژاوە نانەوە و دووبەرەکی دروست کردن لەمابەینی پارتەکوردیەکان وسەرنەخستنی پرۆسەی بەرێوەبردنی ئاشتی وپەنا بۆ تیرۆروکاری نابەجێ بکەن.

لە کاتێکدا قوتابیانی کوردستان پیرۆزبای جەژن ویادی (48) ساڵ مۆمی گەشاوەی تەمەن و خەباتی بێ و چانی یەکێتیەکەیانیان بە ڕووی یەکدا دەبەخشیەوە و لە گەرمەی ئەوخۆشی وئەوڤیستیڤاڵە جەماوەری و یادە پرشکۆیەدا بوون، کونە بەبوەکانی سەردەم وتیرۆر وئەڵقە لەگوێ کانی دوژمنانی کورد و کوردستان، بە فرسەتیان زانی زەنگی ناحەزی و نامەردانەیان لێ بدەن لە بۆسە نانەوەیەکی نامەردانەدا لەلایەن تاقمێکی پیسی دەستی گڵاو دژ بە ئەزموونی کوردستان یەکێ لە قوتابییە هەرە دڵسۆز و بە ئەمەکدارەکانی بارزانی و هەڵۆیەکی تەمەن چڵ ساڵ خەبات لە ڕۆژی (18) ی شوباتی ساڵی (2001) تیرۆر بکەن کە ئەویش سەرکردە و خەمخۆری گەلەکەمان کاک (فرەنسۆ هەریری) بوو کە داخێکی قووڵی خستە ناودڵ و دەروونی تەواوی خەڵکی کوردستانەوە.



تیرۆریستان بەم کارەیان ڕقی ڕەشی خۆیان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەرامبەر هەموو خەڵکی کوردستان ڕشت، چونکە شەهید (فرەنسۆ هەریری) بە ئاین مەسیحی و بە نەتەوە ئاشووری و بە بیروباوەڕ پارتی وبارزانی بوو.

شەهید فرەنسۆ هەریری جگە لە وەی ڕۆڵەیەکی بە ئەمەکی ڕێبازی بارزانی و هێمایەکی گەشی برایەتی کورد و ئاشووری بوو، تەنها پێشمەرگە و سیاسەتمەدار نەبوو بەڵکو هەمیشە خزمەت گوزاری خاک و نەتەوەکەی بووە و هەمیشە دۆستی هەژاران و لاوان و گەنجان و وەرزشکاران بووە، بۆیە جەماوەری کوردستان سەرتاسەری لە هەموو ئاستەکاندا لە هەموو پارت و ڕەنگەکاندا ئەم تاوانەیان ڕسوا کردو ڕژانە سە رجادەکان ودژی دوژمنکاران وەستانەوە بە خۆپیشاندان و نارەزای دەربڕین.

ئەڵقە لەگوێ کانی دوژمنانی کورد، ڕەنگە خۆشیان پێ یان وابێ زۆر جاران ئاشتی قورتمی گیراوە، بەلاَم بەکەس نەخنکاوە و ناخنکێ بۆیە لە ناوبردنی مرۆڤێکی وەک شەهید (فرەنسۆ هەریری) خەسارەتێکی گەورەیە بەلاَم لە هەمان کاتدا مێژووی ئەو جۆرە مرۆڤانە ئەبێتە دنیایەکی بەرین و سەدان لە نەوەی نوێ داستانی دلْداری دەرهەق خاک و نەتەوەکەمانی تیا ئەنجام ئەدەن و لە ویژدانی ئەم نەتەوەیەدا زیندوو دەمێنێتەوە، هەروەک سەرۆک مەسعود بارزانی فەرمووی (ئەو مرۆڤە مەزنە هەر شایانی شەهید بوون بوو، شەهادەتی لێ پیرۆزبێت) .

لە کۆتایدا ئەوەندە ماوە بە ئەڵقە لە گوێ کانی دوژمنانی کورد، بڵێم ئەوانەی گرە و لە سەر توندرۆیی ئاینی و نەتەوەیی و سیاسی دەکەن لە ئاست کەلتوری لێبوردەیی ئەم میللەتەدا هەر دۆڕان ئاکامیانە کە ڕۆژانە گوێ بیستیان دەبین.

نەفرەت لە تیرۆریستان و دوژمنانی کوردایەتی

سەرکەوتووبێ خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان لە بەدیهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.